# نیشتمانم جیگەی ژینمە          ئەحمەد دەشتی




لە کەناری  دەریای خەزەر
هەر دەڕوانم ئای کە جوانە
ئای کە ڕوون و
چەند بێ گەردو شین و پانە
کەنارێکە مەرزەکانی دیار نیە
هەتا چاوت هەتەر دەکا
دەریای شینی بێ سنورەو
لە بەر چاوم بیانیە
هەرچەند جوانەو لێم دیارە
بەلام ناگا بەسروشتی شادی ئەوێ
بە زیبایی و سیمای خاکی
کوردستانی ڕەنگینی وێ
نە دەماوەندی  لوتکە بەرز
نە دیمەنی هەزار تەرز
نە هیچ شوێن و
ڕۆژگارانی هەرچوار وەرز
نە کەناری دەریای خەزەر
نە هامۆن و چیای سەوز
نە گولی جوان و
چەم و لێڕ و بنارانی
نە باژێرو گوندەواری و دارستانی
وەکو سیمای خاکم نیە
وەک قەندیل ودۆندی بەرز و
چیاو دەشتی وارم نیە
هیچ شارێک و هیچ دیمەنێ
وەکو جوانی وەلاتەکەم بەلای منا
وەکو دەشت و
کێو و زورگم ڕەنگین نیە
وادەزانم ئێروکانە
گولخەنێکی ناو دۆزەخە

نه دەبینم کە سێکی خۆم
نە لێم دیارە گوندی جوان و
شارەکەی خۆم
دوورم لە گشت شادی جاران
دوورم لە خڕ خزم و یاران
ئەوێ بۆمن فردەوسێکی بێ دوایە
ئەوێ بۆ من هەوارێکی پڕ بەهایە
کەسێ نیە لێروکانە وەکو وێندەر
ساتێ خەمم بڕەوێنتەوە
بە داستانە شیرینەکان
بە وشەی کوردی و شیعری جوان
شەوەکانی یەلدایی من
بۆ ساتێکیش کەم کاتەوە
بەلام لەوێ
بە هەناسەی خۆشەویستان
هەوری خەمم دەڕەوایەوە
چی کە زامی ناو دەروون بوو
بە شنەبای سروەی بەیان
لە بناری مامە رووتم
لە بالەک و شاری دیرین
هەتوان دەبوو و
ئازارەکان دەبڕانەوە
ئەتۆ بلێی ئەم غوربەتەم
دۆزەخێکی تۆلە نەبێ
گوناهانی بیانی بوون
لەم دڵەی من بکاتەوە
ئەتۆ بلێی ئەم تاراوگەم
هەر لەو ساتە بۆم نوسرا بێ
کەوا ئەمن لە دایک بووم ؟
بەلام چی بکەم بەخۆم نەبوو
چارە نوسم هاتە ئێرە
بووم بە نامۆو کەوتمە ئێرە



هیچ دیمەنی جوانی ئێرە
ناگەن بەوێ
نە دەماوەند وەک هەلگوردە
نە شاری ڕەشت وەک هەولێرە
لە بەرچاوم هەرچی هەیە لێروکانە
دەلێی کەلاوەیەو پڕ کوندە بۆن
ئەم کەنارەی دەریای خەزەر
هەلم دەگرێ و
دەمباتەوە دەشتی جوانی
هەولێرەکەم
دەمباتەوە بەڕانەتی و
دارەبەنی زێدی دڵە ئاوارەکەم
دەمباتەوە خەرابەدرا و دێمەکار و
دەشتی جوانی قەراجەکەم
دەمباتەوە زورگە زراو و
کەندێناوەی دزەییەکەم
دەمباتەوە شیوە سوور و
دەشتی جوانی شەمامکەکەم
دەمباتەوە گەرمیان و سلێمانی و
شاری دڵ و داگیرەکەم
دەباتەوە لای چۆمان و
بالەکاتی و بێخۆلانە خەمگینەکەم
دەمباتەوە سەر دێمان و
وەلاشەکەی وەک بە هەشتم
دەمباتەوە لای هەڤال و یارەکانی
دیرینەکەی وەڵاتەکەم
دەمباتەوە بەرە و
گوندە دڵگیرەکەی مەمی خەلان
دەمباتەوە بادینان و
جەزیرەکەی مەم و زینم
دەمباتەوە کوردستانی
لەتلەت کراو و پڕ برینم



دەمباتەوە دیاربەکر و
لای قامیشلوو و مەهاباد وبارزانی من
ئەمن چی بکەم
دەستی قەدەر ڕەش هەلگەڕا
هەڵی داشتم بۆ ئەم دوورە
بەلام قەدەر قەت ناتوانێ
لە خەیالی وەلاتەکەم بێ بەشم کات
قەت ناتوانێ خۆشەویستی نیشتمانم
لە ناو دەروون کەم کاتەوە
کەس ناتوانێ هەستی بەرزی
خاکپەروەریم دوور کاتەوە
هیچ جوانێ قەت ناتوانێ
لەبەر چاوم جوانتر بێ و
جوانی خاکم بشارتەوە
خانوە قوڕی دەو ڕوبارو
گوندی سایەو مەمی خەلان
زۆرجوانترن لەتەلاری شاکەی ئێران
دەم روباری شیناوەکەو
ماوەتان و کانی خاتوون
زۆر جوانترە لە دیمەنی
ڕەنگاو ڕەنگی ڕەشت و گیلان
هەر جوانییێ کە دەبینم
سیمای خاکی وەلاتەکەم دێتەوە یاد
دەمباتەوە کۆسارانی
ڕەنگاو ڕەنگی کوردستانم
کێندەر وەکو ئەوێ جوانە؟
کێندەر وەکو ئەوێ بۆ من
وا دڵگیرو شادی ژیانە؟
ئای کەنەفتە ژین لە دووری
ئای کەسەختە دەربەدەری
بێ سەبووری و پڕ جەفایە ئاوارەیی
بۆ خۆی مەرگ و کارەساتە



بێ هەڤالی و ژینی دووری
هەر دێمەوە هەر دێمەوە
وەکو جاران  لە لات دەژیم
نیشتمانی خۆشەویستم
لە ئەشکەوت و بن زنار و
لوتکەو دەشتی خاکت دەژیم
هەتا من هەم
بە قوربانیڕێگەت دەبم
بە قوربانی دارو بەردو
چیاو دەشت و سیمای جوان و
پەیڤی کوردی شیرنت دەبم
ئەتۆ جوانی و تەنیا گولمی
هەرچەند دوور بم لە ناو دڵمی
کوردستانی ئازیزی من
ئەتۆ  هەست و بیرو هەموو ژینمی

1978    لەدوای کارەساتە شومەکەی 1975 لە  ئێران ئاوارە بووین،لە گەل هەندێ برادەرانم چووبووینە کەناری دەریای خەزەر، هەرچەند دەمڕوانی تەنیا جوانی بوو بەڵام لە دڵی منی ئاوارەدا ئەو جوانیانە جێگەیان نەدەگرت ،  دەریای بێ سنوور و ئاسمانی شین و دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگی ناوچەی گەیلان لە ناو دڵم دا هەرگیز وەک کوردستانە شیرینەکەم جێگەی نەبوو، بیرەوەریەکانی کوردستانی ئازیز و دۆست و یارانم لە خانەی خەیالم دا دەپەنگایەوەو بەیادی نیشتمانەکەم لە کەناری دەریای خەزەردا ئەم هۆزانەم نوسیوە و پێشکەشە بە هەموو ئاوارەکان و گشت ئەوانەی کەنیشتمانی خۆیان لە هەموو شتێ لا  خۆشەویستر و جوانترە .

ئێران – گەیلان  هاوینی 1977  کەنار دەریای خەزەر بە یادی ئاوارەییمان.